www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 8-10-2007 23:39

**نەقشبەندی وعزەت دووری کوجا مەرحەبا... !! مەیوان نەقشبەندی**



چەند ڕۆژێکە عیزەت دوری جێگری سەدام حوسین ڕایگەیاندوە کەبەرەیەکی بەناو (مقاومە) ی لەعێراق پێکهێناوە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی (ئیحتیلال)، هەروەك کەنالّی (العربیە) بڵاوی کردەوە کاك عیزەت دەڵی یەکێك لەدیارترین هێزەکانی ئەم بەرەیە (پیاوانی تەریقەتی نەقشبەندی) یە.

جا ئەگەر چی من ئیلتیزاماتی شێخایەتیم نیەو حەزیشم نەدەکرد لەجیاتی شێخانی نەقشبەندی قسەبکەم، بەڵام بەداخەوە زۆربەی ئەو (شێخ) و بەرپرسانەی ئەمڕۆی کوردستان کەلەژێر (عەبای) شێخانی نەقشبەندی وتەریقەتی پیرۆزی نەقشبەندیدا خۆیان حەشارداوەو خەریکی خۆدەوڵەمەندکردنن و پلەو پایەی بەرپرسیارێتیان لەسایەی نەقشبەندیدا پێدەبەخشری، خۆیان کردۆتە (کەڕەی شەربەت) و فزەیان لێوەنایەت.

من نازانم بۆچی ئەوانەی لەسایەو لەژێر ناوی (نەقشبەندی) دا مولّك وسەروەت وسامانی دنیایان کۆکردۆتەوەوعەبای شێخایەتیان لەبەر کردووە، ڕونکردنەوەیەك لەسەر ئەم وڕێنەیەی عیزەت دوری نادەن؟!!.

ئاخر ئەوانەی کەتا ئێستاش بەعیزەت دوری دەڵێن (سید النائب) کەی نەقشبەندین؟!، بۆچی پرسیار ناکەن چەند شێخی نەقشبەندی راستەقینە، چەند موریدو هەواداری تەریقەتی نەقشبەندی لەلیستی (جاش) وخۆفرۆشەکاندا بوون؟! حەتمەن لەم گەرانەدا ماندو دەبن، چونکە نادۆزنەوە.

بەدڵنیاییەوە هیچ کەسێك ئەگەر بەڕاستی نەقشبەندی بووبێت، ڕۆژێك لەڕۆژان نە بەدوای ڕژێمی بەعس کەوتوە و نەلەڕیزی قەڵەمەکانی بەعس و قەڵەمەکانی شەڕی ناوخۆ دەرکەوتوە ئیتر چۆن دوای گەمژەیەکی وەکو عیزەت دووری دەکەوێت،

شێخانی نەقشبەندی ڕێگایەکی تایبەتی و بیرکردنەوەیەکی نەتەوەییان بوە و هەمیشە لەگەڵ میللەتی خۆیان بوون و بەبی بەرامبەر چاکەیان لەگەڵ خەڵکی کردوە و خەڵکی کوردستانیان فێری عیلم و عیرفان کردوە و هەرگیز پەیوەندیان لەگەڵ عیزەت دووری و خەڵکانی هاوشێوەی نەبوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.